


# زەویی پلاستیک

دیار لەتیف

شیعر

زەوی پلاستیک • دیار لەتیف

# PLASTIC EARTH

Diar latif

poem



# زەوی پلاستیک

**دیار لەتیف**

# زەوی پلاستیك

## دیار لەتیف


- بەرگ: ئازا یوسف
- تابلۆی بەرگ: ڕەوەند جەعفەر
- نەخشەسازیی ناوەوە: محەمەد زاری
- پیتچنین: نووسەر
- بابەت: شیعر
- چاپ: یەکەم/ ٢٠١٩
- چاپخانە: کارۆ
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ ٢٠٠٠ دینار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەڕتووکخانەگشتییەکان ژمارە (١٨٠٠)ـی ساڵی ٢٠١٩ـی دراوەتێ.

# زەوی پلاستیك

**دیار لەتیف**

**شیعر**

٢٠١٩

# زەقنەبووت

ئامێر وەکو ئەوەی ماسی بێن هەڵماندەلوشێت و

لەقووتومان دەخات.

بەنیازم لەبەردەم هەرگوللەیەك لەلولەی تفەنگەوە

دەتەقێنرێت, لەگۆشتم دەدات و خوێنم دەپڕژێنێت

بەرگەبگرم.

لەسەر نامۆییت، ئەو ڕووبارە خەفەتەی دەڕژێتە

هەستتەوە قسەم هەیە:

تۆ خەریکە ئیتر جیاناکرێیتەوە لەگەڵ شمەکەکان!

بەهۆشیارییەوە دڵم بەم چرکەساتانە خۆش نییە.

لەژێر میچی چەمکەکان،

پەژارە

گەرما و

سەرما و

ستەمم چەشت.

ئاھ لەوەدانیم بەم حاڵەوە یادتبکەم، ببورە ئەڤینەکەم

ناپەرژێمە سەر باسکردنت، ئێستا کێشەی نان و

ئازادیم هەیە.

من نوسەرنیم،

کەچی دەخوازم قونم لەباوەشی دێرەکان بشارمەوە.

لەکوێیت شاراوەکەم؟

نەبوونیت،

فیشەك پێستم دەبرژێنێتەوە.

زستان دەستەکانم داگیردەکات.

دۆخێکی تاڵ تێکەوتووم,

ئادەی مژدەدەر،

پارچە شکاوەکانم لێبکرەوە.

سالآنێکە نان دەخۆم، وەڕسبووم لەجوینەوە.

سالآنێکە درۆدەکەم، بێزاربووم لەقسەکردن.

سالآنێکە دەخەوم و ڕادەبم، ماندووم شەو و ڕۆژ

مارەناکەم، ژینگەی ساختەم.

تابارکردنی قورساییی شەو، هەزار مەتر ئومێد دەچێنم

و هەناسەم بەفرە.

ناچارم ململانێی،

شاخ

تاشەبەرد

گەواڵە هەورەکان بکەم.

شەمەندەنەفەری ئازار خۆی پێمدا کێشا، ئاسودەییم

پەرتبوو.

چرکە دوای چرکە گەدەم وشکتر دەبێتەوە و

بەردەبمەوە ناو مۆتەکەی ساردی گیرفانمەوە.

قۆشمە نییە ها !

کەبرسیتبوو، ئەوکات دەزانی جیهان دڵی نییە.

ئیلیازر بەمەسیحی وت:

گەورەم چرچەکانی نێوچاوم خۆ دەبینی؟

ئەوە هی ڕۆژانی سەختی بێ نانییە، بۆیە لاقەکانم

هێزی هەستانەوەم لەگۆڕ پێنابەخشن.

دەمەوێ ناوەوەم چۆڵبکەم لەگللەیی .

لەبیری مەکە، دەمم بکەمەوە دەڕشێمەوە.

کەواتە بەرگدروو،

بۆشایی لێوەکانم تەقەڵبدە.

## دەمویست ڕۆژبم، کرامە چوارشەو.

لەسەنگەرەکان هەن

لەچیاکان

لەدەریاکان

لەهۆتێلەکان،

بەڵام لەشەقامەکان نین.

ئاڵای بریندار،

پێت بچەقێنە ئەو ڕێگەیەی دەتگەیەنێتە مێژووت!

جانتاکەی هەڵگرت و

ڕۆیشت،

ئاوڕی نەدایەوە لەو خۆڵە گەنیوەی ژێرپێی.

شیوەن

خوێنی پەنابەر

ناسنامەیەکی عێراقی زۆرەملێ

هەردەبێت ئەوە کوردێك بێت.

پرۆژەمە ئەم شیعرە بپارێزم لەوشەکانی،

نامۆیی

خەفەت

ئازار

شەو

گریان

بێ نانی و پەناهەندەیی،

کەواتە من نانوسم!

دەردەکان ،

بڕندەتربوون

لەفیشەك.

گۆشتم دەکۆڵن

وەك ئەو داهۆڵە کوردەی،

قەلەڕەشەکان بەسەرییەوە دەنیشنەوە.

گۆڕنوس،

لەسەر گۆڕەکەی نوسی:

خەبات!

## سکێچ

پرووش

پرووش

بەفرەکە دادەباری و

ڕێچکەی لادێکەش

سپی سپی دەبووەوە.

دار هەڵۆژەکان،

وەك چلورە دەیانبەست.

کانییەکە ببووە شەختە،

گۆزە شینەکەش درزی بردبوو.

پیرەمێردە ڕدێن پەمووەکە،

دیمەنی بەفرەکە سەرنجی ڕادەکێشا و

گۆرانی زستانەی دەچڕی .

لەولاشەوە بووکەبەفرینە شیرینە بازوو نەرمەکە،

دەمی ئاگرەکەی دەدا و

هەنجیری ناو مەنجەڵەکەش دەکوڵا.

دووکەڵی سپی زۆپا دارینەکان

لەخانووە قوڕینەکان هەڵدەستا و

منداڵەکان خەونی سپییان دەبینی.

چۆلەکە لەرزیوەکان لەسەرما،

لەبنمیچی گوێسەبانەکەوە

ڕیزەیان گرتبوو تائەوسەر.

بەفرەکەش وەک پەپوولە،

هێورانە دادەبارییە سەر زەوی.

# پەنجە و دەست

یەك پەنجە یەك دەست
دوو پەنجە دوو دەست
سێ پەنجە سێ دەست
چوار پەنجە چوار دەست
پێنج پەنجە پێنج دەست
شەش پەنجە شەش دەست
حەوت پەنجە حەوت دەست
هەشت پەنجە هەشت دەست
نۆ پەنجە نۆ دەست
دە پەنجەی دە دەستی،
پەیکەرێك لەدەروازەی شار
تیرەی قەلەڕەش ڕۆنیشتنی.
دوای دە چرکە،
قرتەی شکانی ژنەوترا.

# تابووت

# چاڵی تاریك.

هەمیشە دڵکراوەبوومە بەرامبەر گۆڕستان

هێندە دەمرم،

دڵم بەگۆڕ سپاردووە .

پانکەکە لەسەرمدا دەخولێتەوە .

ئاگر لەژوورەکەم هەڵدەگیرسێت،

دەرگاکە ناکرێتەوە

خۆم بەپەنجەرەدا دەکێشم.

قسە ئارام بەخشەکانیشت،

هێڵەسورەکانی چاوم ناسڕنەوە .

ماچە قورمیشکراوەکان

گرمەی زەوی تاریك

حەبی دەروونناس

وردە

وردە

لەگەڵ ئەسکڵەکەدا دەمکوژێننەوە .

چای ناو کوپەکەت دەڕژێ

تفەنگەت دەتەقێنیت

فیشەکەکان دەبنە گوڵ.

بۆمبەکانت هەڵدە،

هەڵیدە دەستمەوە و بیانتەقێنەوە.

# هەوای ئەلیکترۆنی

کرم

ژێرخاک

ورچ

فەروو

مرۆڤ

نامۆیی

ئێمە دانیشتوین و

لەناوماندا ئاگرێک هەیە.

یەکێک ئەفیون دەکێشێ،

ئەویتریان تەلەفۆن

بۆ دڵدارە سۆزانییەکەی دەکات.

دواتریان،

ڕێنماییە دەروونییەکانی دەخوێنێتەوە.

منیش وەك خووی هەموو جارێکم

لەقوڕی بیرکردنەوەمدا چەقیووم.

دەهزرم..

نەدەبوو هەبووایەم.

# خۆری سارد

لەتەنیشت هەر یادەوەرییەکم،

گۆڕێك هەیە.

وەکو پڵنگێکی برینداری تەنیا بەشەقامەکاندا

ڕادەکەم،

بۆ کەسێك دەگەڕێم

شەوێك لەشەوەکانم گەرم بکاتەوە .

لەپاڵ ڕۆژە ناخۆشەکانی خۆمدا بمنێژن .

کەدەنوسم،

دەزانم حەربە لەکوێی ژیان دەچەقێنم .

ئازارەكانی ناو سەرم،

لەسەر ئاڵای وڵاتەکەم دەکوتم .

باربارۆس

من کاولبووم

ڕمامە خوارەوەی گەردوون .

فوو لەهەورەکان دەکەم و

دەیاننێرمەوە سەر گۆڕستان .

کەدەمرم ،

لاشەم دەبێتە گوڵ

دێوەکانم بەرەڵا دەبن و

گاز لەمەمکی ژنان دەگرن .

شەموولەن،

ئەو باڵندانە ئازاد بکە،

پێدەچێت خەون بەفڕینی شینەوە ببینن .

من مێژوویی نیم،

کاتیم و بەناو کاتدا بەبرینێکی سورەوە، وەکو

ئەستێرەیەکی کشاو ڕەتدەبم .

هێندە زامم پێوەیە ناتوانم بڕۆم بەزەویدا .

فیشەکێك بەتەنیایمەوە دەدرووم و

ئەم دێڕانە تەقەڵ دەدەم .

# ڕۆبۆتەکان

دەخۆم و دەخۆمەوە.

هەڵدەستم و دادەنیشم.

دەقیرِێنم و بێدەنگدەبم.

دەخەوم و بێدارم.

لەبەرخۆمەوە پێدەکەنم.

ستران دەچڕم و

فیکە دەکێشم.

دووچەرخە لێدەخوڕم.

دانسدەکەم.

لەبازاڕدا بۆ گەمژەیم دەگریم.

لەکۆتایشدا،

دەڕۆمەوە ناوگۆڕە چۆڵەکەم.

# ڕۆژە زێرابییەکان

میچی زێرابەکە لادەدەم و

دێمە دەرەوە

لەفرۆشگایەکی بچووك،

لولەیەك گڵۆبەڕۆژە دەکڕم .

بەناو بازاڕدا دەسوڕێمەوە .

بەلای دوکاندارە ماندووەکاندا دەڕۆم .

ناوك دەقرتێنم و

تف لەدوێنێم دەکەم .

تاقەتی ژیانم نەماوە .

بێمانایی شارەکان لەچاومدایە.

تەقە لەسەرخۆشی خۆم دەکەم .

دەڕۆم و شەقامەکان بێهێزترم دەکەن.

زۆرنابات دەگەمە چاخانەیەك .

جێگایەك دەگرم و کەمێك دەحەسێمەوە .

چایەك دەخۆمەوە،

دەستم تەپڵەی جگەرەکانمن .

تەماشای ڕۆژنامەکە دەکەم و

وەك گازێکی مەنگ دەتەقمەوە .

لەسەر دیوارەکە دەنوسم :

مردن نەبوایە

هەمووومان دەبووین بەدڕندە

سواری گالیسکەی چۆڵی دەبم و

خێرا لەوێ دەردەچم .

# پارچە شکاوەکان

هەواڵی ڕۆژانە

من حاڵم باش نییە

هەواڵی هەفتانە

من حاڵم باش نییە

هەواڵی مانگانە

من حاڵم باش نییە

هەواڵی ساڵانە

من حاڵم باش نییە

لەچاخانەیەکی بەحەسیر داپۆشراو دانیشتووم و

ستران بۆ ڕۆژانی زوو دەچڕم

مێشی بێهودەیی خواردوومی.

ڕادیۆکه پرچی خۆی دەڕنێتەوە.

هاوارێك لەگەردوونم دەنگدەداتەوە

زەوی زیندانی هەبوونە !

خەریکم دەتەقمەوە،

وەك نارنجۆك لەهەوادا .

تەرمی پەیڤەکان لەناو ئاو دەنێژم

ئیتر وشە نانوسم،

خۆم بەکارێکەوە خەریکدەکەم .

کاغەزەکان دەقەمچێنم و هەڵیاندەدەم .

لەناو کەوانەیەك دادەنیشم و دەخۆمەوە .

لەسەر برینی دەروونم دەنووسم:

کات مادەیەکی ڕزێنەرە .

# گەشتنامە

قافڵەکەم لێدەخوڕم،

بەرەو رۆژهەڵاتی کۆن

هەگبەکان پڕن لەپرسیار

پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکان لەسەرمان هەڵنیشتوون .

بەژێر کەپری گەڵامێوەکان ڕەتدەبین،

بۆڵەتریێ شۆڕبوونەتەوە .

خانووەکان لەناوشەوقی کزی چراکان مەلە دەکەن

کاژمێرێکی تر دەگەینە بابل.

کەشوهەوا فێنکە،

ڕۆژ خەریکە

سەرلەپەنجەرەی ئاسمانەوە دەکاتەدەر.

ئەستێرەکان چەردەیەکی ئاوییان بەخۆیاندا پۆشیوە

.

مانگ پشتی لەزەوی،

مەمکەکانی لەناو دەمی خۆر تواندووەتەوە .

جەڕە شەڕابەکان

بەسەر پشتی ئەسپەکانەوەن .

ڕێگایەکی خۆڵاویی باریك

بەرەو گوندی سەر تەپۆڵکەکە ڕامدەکێشێ

جوانی تیشکدانەوەی ڕوانینەکانی ناخە

ئاوێنە تەلیسمی جوانی دەشارێتەوە .

درەختەکان لالْن ودەپرسن :

ئایا ئێمە هەین؟!

ماچی گەڵایەك دەکەم ودەچرپێنم :

تۆش وەکو من هەیت،

بەڵام بەشێوەیەکی تر.

هەناسەکانی تۆ وەکو هی من نین،

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ تۆ نەبی،

تۆ هەیت جیا لەمن

خورپ

خورپ

فرمێسك لەسێبەرەكەمەوە دەڕژێ،

ئاخۆ ئەوە من نیم دەگریم؟

ئایا مرۆبوونم هەڵەی چارەنووسە؟

بۆ دەبێ ڕۆبیانێك نەبوومایە لەدەریا؟

ژیان چییە؟

ئایا خوویەكە پێی ڕاهاتووین،

یان جۆرێكە لەسەپاندن؟!

قاڵاوێك لەبەرزایی ئاسمانەوە دەقیڕێنێ :

لەدایكبوون خۆكوشتنێكی تەنكە،

لەسەر سەمای شەیتان،

كەواتە من زیندانی سەرەتای خۆمم.

ڕۆژمان تەقەڵی شەو دەداو ڕستەی گەشتمان دوورتر

دەبووەوە،

دیدی پەپای پیرە پیاوی ڕیش درێژی هاوسەفەرم،

ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ قەرتاج،

هەمیشە دەیوت :

زەوی قەفەسێکە بۆ ژیان .

زوو زوو دەیپرسی :

ئایا مردن لەدایکبوونەوەیەکی ترنییە؟

مەرگ تەقاندنەوەی تاوەری زەمەنە

وشکبوونەوەی ڕووباری کاتە

دیدی پەپای وتی :

هەموان دەمرین ئەو دەمەی خەوتووین

ئایا خەو جۆرێکی تر نییە لەمردن؟

ئێوارەیەك ئەو دەمەی

خۆر لەئەپارتمانی زەوییەوە خۆی فڕێدەدایە

خوارەوە،

پەپای وتی :

کۆمەڵگە شوێنی کوشتنی ئارەزووەکانی تاکە

سەرچاوەی گەندەڵبوونی مرۆڤە .

کازیوە لەودیو تەپەکەوە تیشکمان تێدەگرێت

دەنگێك دەملەرێنێتەوە :

_ بۆچی کەمێك پێناکەنی؟

+ ئاه ئەی نادیار

لەبری شیلەبزە هێڵنج دەدەم

واقیع سزای داڕزێنەری مرۆڤە .

ماڵەکەم تێکەڵی ڕەزالەتی حەقیقەت بووە .

لەنێو دەروونمدا  ئازار دەمتلێنێتەوە .

خەفەتی ڕاستەقینە ناشارێتەوە

بۆنی تەنیایی کەللەی خواردووم

بێزارم لەلاشەی کەڕوودارم

هەزار ساڵە بەڕێوەم

ڕابردووم بازداوە

ئەسپەکەم سەرسمدەدا .

دیموکراسی شکاو،

لەژێر ناڵەکانی دەزرنگێتەوە .

هەڵدەستم و

ڕۆیشتن لەجانتاکەم دەردەهێنم.

# ئۆرفیۆسی بازرگان

پوشکەبەقوونەکە لەسەر سێبەری هەورەکە

نیشتووەتەوە.

من فرۆشەرم و

کونجی هاڕاو دەبەم بۆ دەڤەرەکەمان .

بەردەوام خۆشەویستی دەکەم.

ئەسپەکەم بەتولەڕێی،

ناو هەورازەکاندا دەڕوات و

درەختەکان سەمادەکەن .

مێرووولەکان گەڵای قرتاوم پێدەفرۆشن و

منیش گەنمی کوتاویان دەدەمێ .

شەو ڕادەکاتە ناو دارستانەوە

سەرما لەدوورەوە دیارە

تەرزەکانیش لێژدەبنەخوارەوە

کوندەپەپووی سەر لقەکە تەهلیلەیەتی و

باڵندەکان پەرشوبڵاوە دەکەن.

کوکوەکان بەدەم کۆچەوە دەزریکێنن :

هوهوو هاها هوو ..

تارماییەك لەناو دارەکانەوە دەردەچێت،

خۆم دەدەمە پاڵ پنجکێك و

ئاگرەکە دەکوژێنمەوە .

ئۆرفیۆس

_کێیت؟

+ منم

_ناونیشانت چییە؟

+ ئاسن وگۆشت

کوڕی شەقامی ڕۆشنگەرەکانم،

لەهەوای پیسی کارگەکان هەڵاتووم

هەنگاوەکان لەژێرپێمدا قورسن .

شار پڕە لەکۆڵانی تاریك

خودا لەوێ دەرچووە

منداڵەکان دەنوزێنن و

هەورێکی ڕەش ڕۆشنایی خواردووە

مێشەکانیش لەبوونمان دەخۆن.

ئۆرفیۆس

_کەمێك پێش هاتنت،

توتییەکان وڕێنەیان دەکردو

کیسەڵە پیرەکان،

لەوبەر چەمەکەوە دەکۆخین

لەقلەقەکانیش ماندووانە

لەبژێو دەگەڕانەوەو

بەئاسمانەوە دەپەیڤین :

گەردوون ئارام نییە .

_ ئەی ڕێبواری ڕەقهەڵاتوو

من دەتوانم پێبکەنم،

کەواتە ژیان باوکی بیرۆکەکانە .

# ن ا ی ژ

# ڕەوڕەوەی شکاو

بزماری ئومێد

لەدیواری گوتن هەڵدەکەنم.

قەیتانی هەناسەکانم گرێداوە

سواری پشتی وشە بوومە و

لەداهاتووەوە دەگەڕێمەوە ئێستا.

کات پێڵاوێکی دڕاوەیە

جەنگاوەران پەلکەزێڕینە دەسڕێژ دەکەن و

گۆڕەکانیان بەسەر شانەوەیە .

کوشتارەکان برینن لەلەشی زەوی .

فیشکە تەقێنراوەکان ناهزرن

ئایا ئەم لاشانە هی مرۆڤن ؟!

ڕەگەزنامەکەم دەدڕێنم و

لەناو مانادا دەژیم .

هاوجەنگەکانم لەحەشارگەکان

نیکۆتین دەکێشن و

دەیکەنە ناو تەپڵەی وەهم .

دادپەروەری لەسەر چرپای ناتەبایی نوستووە

چاوەکان ونن لەشەپۆلی چارەنوسێکی نەبینراودا

هێشتا نازانین،

ڕۆژگارێك چاوەڕوانمانە

تێکەڵەیەکە لەبەردوخوێن .

مێرووله‌یه‌کی دانا ده‌یگێڕایه‌وه :

ئه‌وه به‌رداشی واقیعه ده‌تانهارێت و

ئاردی ئاینده‌تان ده‌ڕژێنێته خۆڵه‌وه .

سورایی له‌ده‌ماری ئازارمه‌وه ده‌فیچقێ

شامپازییه‌کان له‌پڵنگه‌کان ده‌پرسن :

ئایا مرۆڤ خودێکی شه‌ڕه‌نگێزه ؟

# سنور

مەرگ لەناو هەوادا دەخولێتەوە

زیلەکان، وازەکان

وەکو خۆڵ دەبارێنە سەر ڕێگاکە .

ئێوارەیەکی تەپوتۆزاوییە،

هاوارەکان تێکەڵی قیژەی هاوانەکان بوونە .

قاچاخچییەك لەبەرخۆیەوە دەورتێ :

ژیان

نان

بانەڕۆژ.

ئاھ ئەی نان

ئاھ ئەی نان .

شۆفێرەکە فیشەکی دەتەقاندە تاریکییەکە و دەیوت :

من مرۆڤم و

خاوەن پاڵتۆیەکی چەرمیش نیم،

من مرۆڤم

من مرۆڤم .

مەرگ لە هەوادا دەخولێتەوە

دەشتەکان لەناو دەنگدا دەلەرنەوە .

سپێدە دابەزیوەتە ناو دارپرتەقاڵەکانەوە و

دایکم هێشتا دەستەکانی وەکو مەل بەئاسماندا

دەفڕن .

# چرکەکان

# میلی مردن

کاتژمێرەکەم دەشکێنم

بەڵکو واتێبگەم

ڕاکردنی تەمەن دەوەستێت.

ڕۆژەکانم لەڕابردوودا جێهێشتووە.

مێزەکەم جێدەهێڵم،

تەندروستیم دژە خەمۆکی گەرەکە.

دەمژمێری کارەکەم هێندە درێژبووەتەوە

کاتم نەماوەتەوە باس لەخۆم بکەم.

ئەوەندە پەرژوبڵاوم،

نوختەیەك لەبەردەم ژیانم دادەنێم.

# پێڵاوە تەنگەکان

هێڵکارییە کۆنەکانم نارەنگێن

پایپ دەکێشم و

هزرەکانم ماندوون .

کراکەکە سڕیکردووم،

سەرم قورس دێشێت .

هەناسەکانم کورتدەبنەوە .

عەقلّم لەپێڵاوە تەسکەکەمدایە .

کەڵەشێرەکان دەقوقێنن و

خۆریش دەڕژێتە سەر زەوی .

منیش فوو بەکەڕەنای پەستیمدا دەکەم و

بەکۆڵانە قوڕاوییەکەمان دەڕۆم

هەروەك ئەوەی نەبم .

دڵم لەبەفرگرەکەدا جێماوە

سترانم لەهەوادا دەیبەستێ

تازە ئیتر سودی نییە،

گەڕان بەدوای ئاسودەیی .

دەمرم ،

وەك سەگێکی پیر

لەخاکم مەنێن .

کەلاکەکەم بەبازار دا دەسوڕێتەوە و

هۆشیشم لەگۆڕستان بەچاڵناوە .

# Oto biography

من منالّی واقیعم

ڕۆژانە دە کاتژمێر کاردەکەم.

لەهۆتێلی هەژارەکانم

لەگەڵیان چا دەخۆمەوە

لەفەی پیسی سەر عەرەبانەکان دەخۆم

بەردەوامیش دار سەبیل دەکێشم .

هەندێکجار،

لەزبڵدانی ماڵەکان خۆم تێردەکەم .

ئێوارانیش لەسەر شۆستەیەك دادەنیشم و

بیر لەمانا دەکەمەوە .

ئەی پۆلیسەکان بمگرن،

ئەمشەو شوێنێکم نییە بۆ ژیان .

بەتانی سەرما دەمپێچێتەوە .

ڕادیۆکان دەکۆخن و

تەم لەنێوان درەختەکانەوە دێتەدەر .

لەبارێکدام ،

مرۆڤی لێ نییە .

پەمووەکە بخەرە ناو برینەکانم

پەرچەکردارم نەماوە .

بەهەر کۆڵانێکدا دەچین

گورگەکان سێبەرەکەمان دەخۆن .

من دەڕۆم و

ئێرە جێدەهێڵم

لەبری پارە ،

ناسنامەکەم دەدەمە سواڵکەرێك .

مەگری دایەگیان ،

دەچم گۆڕێك بۆ مردن دەدۆزمەوە .

# پەیڤە باڵۆنییەکان

شارەکان

دەکشێن

پەراسووەکان تەسکتردەبنەوە .

هەوا پچڕ پچڕە و

گیرفانەکانی پڕە لەچەوری .

ماشێنەکان لەژێر زرمەی کات دەپلێنەوە .

ئاوەڕۆی چەرمەسەری تینووترمان دەکات .

قالۆنجە پۆخەڵەکان .

وشەی چڵکن

گۆشت گۆشت دەخوات

موشەکە ئاراستەکراوەکان

ئێسکو چەرمی گیاندار ..

ئاسودەیی مزراحێکی لەپەت پچڕاوە
تابووتەکەم بەکۆڵی ڕۆژگارەوەیە،
گیانیشم لەناو قژی قڕێژی شارەکەم .
سەرم لەدوورگە تەڕەکانە .
لەباپیرمەوە باوکم دەیوت :
گرنگ نییە تاچەند مرۆڤیت،
بەڵکو جوڵەکانت هی من بن .
ڕێگاکان لەژێر پێمدا دەسورێنەوە
هزرم لەناو هەتاودایە و
تاسەشم لەگۆمی لیخن
ڕۆژەکان لەدەستی تۆدان .

قۆری سەر ئاگرەکە کەف دەکات

ژیان خواردنەوەی چایەکی تاڵە .

دەسرەوتێم بەسەر تولەڕێی کاتدا

هەنگاوەکان شوێنەوارم دەسڕنەوە .

کاروانەکان بەردەبنە گەرووی دەمی خاکەوە.

ئێمە لەکوێوە هاتووین؟

هەنووکە پێستم دەوشکێت،

بالیفی هەور هەڵدەدەمەوە و

بەترۆیکای ڕەشمە زێڕینەوە،

دەئاژووم بەرەو دوورایییەکان .

# فڕین بەدووباڵەوە

جانتاکەم پڕە لەکتێب وئازار و سەفەر.

تەقەی چەکوشێکی جاڕس،

لەبانەڕۆژەوە دێت و

لەمێشکم دەدات .

کەمێك نائارامم

هەر هێندەی سەگێك .

کرم لەگەروومەوە دێتەدەر

شەمشەمەکوێرەکان بیر لەهەوای شەو دەکەنەوە

جووتێك باڵ لەگەردوونی قسەوە لەشەقە دەدات

هێلین :

من چۆن بزانم مرۆم؟

دیدی پەپای :

هەموو مرۆڤێك ڕەگێك لەهۆشیاری تێدایە .

هێلین :

چی لەئاژەڵم جیادەکاتەوە؟

دیدی پەپای :

ڕێکی بیرکردنەوە .

هێلین :

ئایا مێرووڵەو هەنگەکانیش ناهزرن؟

دیدی پەپای :

بونیادی هزریان سرووش و چوارچێوەدارە،بەڵام مرۆڤ خودێکی داهێنەری ئازادە .

هێلین :

سیاسەت چییە؟

دیدی پەپای :

فوارەیەکە لەپیسایی، بۆنی هەراسانی دەبەخشێ .

هێلین :

ئایا سروشت بێ زمان، ناکاتە سروشتێکی لاڵ؟

دیدی پەپای :

زمانیش توخمێکە لەبنەڕەتی بوون .

هێلین :

ئایا نوسین نمایشێك نییە بەڕووتی؟

دیدی پەپای :

هێلینی جوان، منیش هەندێجار وای بۆدەچم، بەڵام نوسین مانای پەردەپۆشکردنی بنەڕەتە،داگیرکردنی خودی مرۆڤە بەوشە .

هێلین :

دیدی ڕاستی چییە؟

دیدی پەپای :

هەوایە،ڕاکردنە لەفۆرم، گەڕانەوەیە بۆ ڕەگی

درەختەکە،

زەمەن کاتییە ولەبزاوتنێکی خێرادایە.

مرۆڤ برسی بنەڕەتە، ڕەگەزەکەمان تینوی زانینە .

ناوك توێکلّی هەیە، ئێمە توێژەکەین و مردن

دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ناوکەکە .

ڕاستی تراویلکەیە و بەهەر جادەیەکدا بچین فریومان

دەدات .

# پرسیارە ناکۆتاکان

ئەمە سەردەمێکی ترە

ئایا خۆر لەچاوی سپێدەوە هەڵدێت؟

کوژراوەکان جارێکی تر لەدایکدەبنەوە؟

دەرگای کوشتارگەکان لەڕێشمەوە ڕادەتەکێنرێت؟

ئایا ئەوە دوا ڕۆژ نییە ،

دەستەکانی لەئاسۆوە ڕادەوەشێنێت؟

ئایا پیتە پاکیزەکان

کەی لەکانگای خاك دەتەقنەوە و

ڕێچکە دەگرنەوە بەرەو ڕووبار؟

بەردەوامی منداڵێکە لەمنداڵدانی نادیاردا .

هەنووکە زەوی لەشێوەی پرسیاردا دەخولێتەوە .

ئەمە سەردەمێکی ترە

بەختەوەری لەنێوان ئامێرەکاندا خەوتووە

هەوا بەسەر جوانیدا دەڕشێتەوە

نەفرەت چرایەکە لەماڵی پاکیزەییدا

هەموو شتێك کۆتاییە،

بەڵام پرسیارەکان بەردەوامن .

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە،

قەڵەمەکانمان دابنێین و

کەمێك بەسەر تەرمی تۆزاوی ئەمڕۆدا بگرین؟

# ڕاع

## ژیان بۆشاییەکی قووڵە.

لەشارێکدام،

زۆر شت دەژین

جگە لەمرۆڤ .

مانگا

بزن

پەلەوەر.

سبەی مردم،

وەکو سەگێکی تۆپیو

لەسەر جادە بمنێژن .

فڕێمدەنە دەرەوەی زەمەن .

پیاسەکانم لەگۆڕستان بشارنەوە .

دەڕۆم و

ڕۆژەکان لەپشتمەوە دەبنە گەردوو تۆز .

هەڵدەکشێم بەرەو کاکێشان،

وژە وژی یادەوەری دەڕژێنە دەمارەکانمەوە .

گەرووم پڕی دووکەڵە

لەئاوێنەکەدا دەوەستم و

دەڕوانمە هەبوونم

کەم کەم

دەبمە سیسرکێکی خشۆك .

زرمەی ماشێنەکان

گوێی گەردوونی هاڕیوە .

شەوار لەناو ئامێری زەبەلاح دەتوێتەوە .

خوار پەرژینەکە،

لەسەر تاشەبەردی بەرامبەر دەریا دانیشتوم و

دەهزرم ،

هەندێ عەگوڵ و گیای نیمچە زەرد ڕیشی سروشتی

دەورووبەرمن .

دانیشتن هیچ سودێکی نییە،

ئێستا ڕۆژی تەکنیکە .

گرامافۆنەکە گۆرانی دەچڕێ .

تەلەفزیۆنەکە گللەیی لەکارگە پیشەسازییەکان

دەکات:

بەمزوانە تەمێکی ڕەش زەوی قوتدەدات .

لەشکری ترۆمبێل

درەختی نەخۆش

کۆخەی بەردەوامی شارەکان

ڕشانەوەی هەناوی جادەکان

ئێسقانی ئاسودەیی دەشکێنن .

دەڕۆمە ئاسمان و

لەسەر پێپلیکانەی هەورەکان دەوەستم،

لەبری باران

میزتان بەسەر دەبارێنم .

ڕاع:خواوەندێکە لەئەفسانەی میسریدا .

شەوار:شەو،شەوی درێژ .

# کێڵگەی دڕک

هەوا بەستوویەتی،

شەق لەم هەسارەیە هەڵدەدەم

بۆ دەرەوەی گەردوون .

بەهەردوو دەستم ژیان دەگوشم،

پیسایی چاخەکانی لێدەچۆڕێ .

دێوەکان بەچەمە تیژەکاندا باز دەدەن و

دەڕۆنە دەر لەدنیا .

باڵندەکان لەسەرمان نیشتوونەتەوە .

لەکەلاکی سەدەکەمان دەخۆن .

کوا هەبوونمان؟

شەڕابمان بۆتێکە ئەی ئەیوب .

مەزەمان بۆ بهێنە سۆفیا .

تۆش سپاسیتێڵ،

گۆرانیمان بۆ بوێژە .

منیش چەکوشی خۆر دەکێشم

بەسەر شەوە نەخۆشەکاندا .

# پاروو

من خۆراکی کاتم.

بەندۆڵی سەر دیوارە ڕیش سپییەکە دەزرنگێتەوە .

بۆنی ڕابردوو وەکو ئاسك بەوناوەدا تاودەدات .

لەژێر پێستم ژیانێکی جوان هەیە .

گەڵاَ و دانەوێڵەکان

خۆراکی مێروولەکانن .

کوللەی سەوز،

دەبنە ژەمی چۆلەکەکان .

هەر شتێك بژێوی شتێکە،

بەمشێوەیە هەموو شتێك کۆتاییەکی هەیە .

# نوسیم: ناونیشان

بەرلەوەی خۆم بکوژم

دەمانچە گوڵێنەکەم هەڵدەگرم و

فیشەکێك دەنێم

بەتەنیاییمەوە .

کات

وەك چەقۆ

خوێنم لێدەبات،

ئەگەر برۆی .

دەنگ و

پێکەنین و

قژو

پەنجەکانتم خۆشدەوێ ،

بەڵام هەرگیز خۆتنا !

مەیەرە دڵمەوە

با لەچۆڵەوانیدا

ون نەبیت،

ژیان لەسینگی من مردووە .

هێندە هەور و ئاسمان لەسەرمدایە،

ببارم خۆشەویستییم .

وشەکانم هەڵدەڕێژمە باوەشتەوە

بیانلاوێنەوە ،

ئازاریان زۆرە .

بەردەکانتان مەهاوێژن

بەرد بۆ شکاندن نییە،

بەرد بۆ ئاوەدانییە .

# ماڵێك بۆ هەموان

جگەرەکێشەکان جگەرەکێشەکان دەناسن .

سۆزانییەکان سۆزانییەکان .

خواپەرستان  خواپەرستەکان .

کۆتربازان کۆتربازەکان .

دەوڵەمەندەکانیش دەوڵەمەندەکان .

خوێنمژ  خوێنمژەکان .

پەناهەندەکانیش دەربەدەری .

زەوی چەندین ماڵی ڕەنگاڵەیە .

# FinaL oto biografhy

سەرمامە چوون سەگێك لەبۆشایی شەودا .

من کوڕی سەر ڕێگاکانم

توتنی ناو سەبیلەکەم،

پڕ لەنیکۆتینی هەژارییە .

لەچێشتخانەیەکی شەوانە کاردەکەم،

بەبرە پارەیەك،

ئێسکی مریشك بۆ سەگی دەوڵەمەندەکان

کۆدەکەمەوە .

خەرجی ڕۆژانەم

چل فەردە دەرد و

چوار کیلۆ شپرزەیی .

مرۆڤ،

فڕێدراوەتە زبڵدانی واقیعەوە .

بۆ سبەی شوێنم نییە

دەبێ بچمە هۆتێلی عەرەبەکان .

کاتژمێرەکەم ،

پڕە لەچرکەی ئازار .

فریشتە بچکۆلانەکەم ..

منالێم بەکەڵکی گێڕانەوە نایەت

ساڵەکانی گەورەبوونیشم

وردە شوشەی گەرووی ژیانن .

لەوشارەی تیایدا دەژیام،

زوو زوو جلەکانی واقیعم دەشوشت و

دەموچاوەکانم دەگۆڕی.

لەسەربانی کۆڵانە تاریکەکانەوە

دێوەکان دووکەڵیان دەکێشا و

فیکەیان لێدەدا ،

چاویشیان لەنادیاردا دەبریسکایەوە .

هەر لەو شارەی تیایدا دەژیام

من وهاوڕێ تازەکانم

شەوانە لەکار دەگەڕاینەوە

بەترۆمبێلەوە بەجادەکاندا لێماندەخوڕی ،

هیستریانە گۆرانیمان دەچڕی و

باوەڕمان بەزەوی نەمابوو .

کەمێکی تر بەڕێدەکەوم

خۆشەویستەکانم لەژێر گڵ جێدەهێڵم .

لەسەر سنور دەگیرێین و

جەندەرمە تورکەکان لەکولانەی سەگەکان

دەمانخەوێنن،

خواردنی ئاژەڵەکان دەخۆین

بەڕۆژ تەلی دڕکاویمان

بەناو بەفردا پێڕادەکێشن

دواجار سەرمان دەتراشن و

ئاودیومان دەکەن .

دەگەڕێمەوە ناو کوردەکان،

بەڵام ڕۆیشتن لێمناگەڕێت .

جانتاکەم بەشانەوەیە

لەسەر جادە ئەو پیرەمێردانە دەبینم

لەناوماڵی مقەبا هەڵتروشکاون .

بەرلەوەی دوورتر بکەومەوە

سەرێك بەرز دەکەمەوە و

تەماشای ئاسمان دەکەم،

مرۆڤایەتی لەناو تابووتی گەردوون ڕاکشاوە .

بەپاسێکەوە بەناو شەودا دەڕۆین

لەبەر قورسی خەونەکانمان

ڕۆیشتنی لەدەستداوە .

واقیع وایلێکردووم،

باوەڕم وابێ لەنەبووندا دەژیم .

ژنێك لەسەر جادەکە

لۆرییەك خۆی پێیدا کێشا

دەمتوانی ڕزگاریکەم،

بەڵام وامزانی وەهمە .

دوێنێ کاغەزی خەونەکانم سوتاند

دووکەڵانەکەی زەوی گوڵاو ڕێژ کرد

دارستان،

باشترە لەگەڵ مرۆڤ بژی .

نەفرەت

نەفرەت

نەفرەت

توڕەییەك کەتازە درەنگە.

شەوێك دەوڵەمەند دەبم و

دەبمە ئادەمیزاد .

لەباڵکۆنی بینا بەرزەکانەوە

ژیان سەیر دەکەم .

لاقی بەرازەکان دەلێسمەوە .

کچە تەڕەکان

لەزیندانی قاسەکەم بەند دەکەم .

شار پڕ دەکەم

لەهەرای ئامێر .

دڵەکان هەڵدەتەکێنم و

لەقینی دەئاخنم .

هەواڵەکان پڕدەکەم لەداهات .

هەندێ وردە شت دەئافرێنم ،

بۆئەوەی باڵدارەکان بیرنەکەنەوە .

دەمم لەڕۆژگارێکی پیسەوە دەپەیڤێ .

دوو کەوانە دەکەمەوەو

دەنوسم :

زمانم تێکەڵی واقیع بووە .

# تەلبەند

هەوری سەر شار،

بەسەر ماڵەکاندا شۆڕبووەتەوە .

خۆم و جانتاکەم

لەم شەقامەوە دەپەڕینەوە  ئەو شەقام .

هێندە تەنیام ،

تەنانەت قسەشەم بیرچووەتەوە .

پێڵاوەکەم گیای تێدا ڕواوە .

ئاگایم لەدەستداوە بزانم،

دەبێ خێرا بڕۆم و

ماڵێك لەتەم دروستکەم .

میلییاس

ئازادی چییە ؟

ئەوەتا لەسەر گردێکی بەهارییم و

بەدوای پەپوولەکان ڕابکەم .

ئازارێکی ناسك دەمخرۆشێنێ

کەمێك فرمێسك دەڕێژم

ڕۆژەکانی ژیان بەئازارە .

کەی شەوە تاریکەکان دەڕەونەوە ؟

هەراسانیم وەك کاژ فڕێدەدەم،

هەڵدەستم و

فیشەکێك لەدڵمدا سارد دەکەمەوە.

باڵندەکان لەفڕیندان .

کاسپەر،

من بێزاربووم لەئاشکرایی

ژیان پوچییەکی ڕەهایە .

ئیتر بۆ هەمیشە دەڕۆمە ناو ڕووباری کاغەزەوە .

ساتەچرکەی کاتژمێرەکە دەچرکێ

لەهەورازی  دوازدە لێژبووەتە خوارەوە

شەوێکی مەیلەو خۆڵەمێشییە .

حەوت کەس،

تابووتێکی سپی  بەسەر شانی چواریانەوەیە

دەمێکە لەژێر بارانی لێزمە

بێ هیچ وەستان،

بەرەو گۆڕستان ڕێگا دەکوتن .

چرایەك لەدوورەوە دەسوتێ

هەورێکی بۆزی ڕەش بەسەر گۆڕەکانەوەیە

دەنگێك ڕستەیەكی پەرۆشانە دەكركێنیَ :

مرۆڤ هەر ئەوەندە درك بەبنەڕەت دەكات

كەنەخشاندوویەتی .

كزە دەنگێك :

مرۆڤ بوونەوەرێكی گوناهە .

دەنگێكی تر :

ژیان لەهەموو شوێنێك هەیە

بەڵام ئەی خۆشبەختی؟

دوا دەنگ :

مرۆڤ گیاندارێكی خۆشبەخت نییە .

ئەلو

ئەلو

ئەلو

بەردە نەرمەكان،

مرۆڤەكان مردن .

# ئاسودەییە زۆرەکان

لەتابلۆکەدا شەوە .

بەفر بەهێمنییەوە دێتەخوار .

کچ و کوڕێك بەجادەیەکی چۆڵی،

دارپۆشی ئەمبەرو ئەوبەر گلۆپدا ڕێگاکە  دەبڕن،

بەدەم ئاسودەییەوە پێکەنینیان داگیرساندووە

بەختەوەری لەژێر پێیەکانیانەوە هەڵدەقوڵێ .

ئەوان ڕقیان لەجەنگ،

لەئامێرە مرۆڤبەندەکانە .

پەپوویەك لەناو درەختەکەدایە.

پیرەمێردێك لەکەنار شۆستەکە،

هاڵاوی هەنسك لەڕوومەتی ئاڵاوە .

# سێركی بووكەڵەكان

تابووت

لەسەر جادەكان هەڵچنراون .

ڕۆژە سپییەكان

لەشەڕدا بوونە چڵك .

لەژوورەكەم مێروولە ومشك و چۆلەكە دەژین،

جگەلەوەی بەرپرسیارن لەئازادی خۆیان .

تەرمەكەی خۆمم بینی،

لەكەنار  شەقام نزیك زبڵدانێك فڕێدرابوو

لەو ڕۆژەوە باڵندەم نەك مرۆڤ .

شەهرەزاد ،

كات شەمەنەفەرەو

مردن دوا وێستگەی هەبوونە.

بەرێدەکەون بەرەو ئاسمان .

من شوانێکی گەڕیدەم،

بزنەکانم گیای هەور دەجوون .

لەپاڵ سێبەری داشۆڕاوی باوبابێك ڕاکشابووم،

شەیتان هاتە لام و پرسی :

بۆچی کەللەی مرۆڤ ئەوەندە بێنرخە؟!

تانتەلیۆس ،

ئەوەی کەڕوویدا نەدەبوو،

بەڵام ژیان عەزابێکی داخرمێنەرە .

تەرمەکەم

کوا تەرمەکەم؟

تەرمەکەم لەکوێیە !

ئەگەر تەرمەکەم نەدەنەوە،

ستیانی سەر تەنافی ژنەکانتان دەدزم .

تەرمەکەم

کوا تەرمەکەم؟

تەرمەکەم لەکوێیە ؟

ئینسان ئازادە خاوەنی تەرمی خۆی بێ .

تەرمەکەم

کوا تەرمەکەم؟

تەرمەکەم لەکوێیە ؟!

ئێسکی تەنییایم لەناو گۆشتی چاوەڕوانی توایەوە .

# تاككەرایی

ئازادی خۆم خۆشتردەوێ

لەئازادی خەڵکان .

مرۆڤەکان هەرچییەکن بۆ خۆیانن،

من جیهانی خۆمم .

کێشە ئەوە نییە ئێستا چۆنبم،

گرنگ ئەوەیە ژیانی خۆم دەژیم .

هێشتا ڕۆژی لەشارێکم

لەتەمدا ژیان نابینم .

واقیع بولێڵە،

ڕۆژە خۆشەکان

ئەو شتانە نین دڵخۆشمکەن .

زۆر شت هەن شێتم دەکەن

قسەکردن لەسەر خۆشبەختی .

پێکەنینی هەڵواسراو

بەگوێژەبانەی درۆدا .

ستایشبارانی تاوس و

نەفرەت ڕشتن بەسەر قەلەڕەش .

قەرەباڵەغی زۆر دەمکوژێت .

ئەگەر ڕۆژێك پێکەنیت،

مانای وانییە ژیان کەمایەتی تێدا نییە .

ئینسان بەخۆڕسك پیسە .

خۆشی شتێکە بەسەر دەچێ،

ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا ئازارەکانە .

ڕۆژێك ئیتر بۆ تاهەتایە

دەبمە خۆڵ .

مردووەکان یادی کەس ناکەن .

ئێستا وەکو جاران نیم،

حەزدەکەم بەپێخاوسی بەکۆڵانی دەقدا ڕێبکەم .

لەکۆفیێکان

قاوەی ڕەش بخۆمەوە .

لەبارەکان

ویسکی چەور فەڕبکەم .

سەرم لەپاسە نەفەر هەڵگرەکانەوە دەرکەم و

هاوار لەوانی تر بکەم

ژیان ماڵی ئێمە نییە .

هەرکە هەورە چەخماخەی عەدەم لێیدام

خۆم بکەمە گۆڕستانێکدا و

لەسەر گۆڕەکەم بگریم .

من شۆڕشێکی هەڵگەڕاوەم بەسەر ناخی خۆمدا .

# ئەوان بەپێکەنینەوە دەژین

گوندەکە ئاوەدانەو

چێڵەکان دەلەوەڕن

داپیرەکەش خوری دەڕێسێت .

ژنان لەکێڵگەن و

شەمامە دەڕنن .

باپیرەش لەڕادیۆکەدا مەلەدەکات و

جگەرەی لەف دەپێچێتەوە .

ژیان لێرە بەردەوامە

مەڕو بزنەکان لەئاسۆوە دێنەخوار.

لەجۆگەلەیەکی ڕۆشن دەخۆنەوە

پاشان بەتۆزێکی تەنکەوە

بەرەو دێ دەکشێنەوە .

کانییەکە دەدرەوشێتەوە و

تراکتۆرەکە زەوی دەکێڵێت .

مراوییەکان لەزەلکاوەکەدان

کەروێشکێك لەپاڵ بنجکێك

خشەخشێك دەوروژێت و

باڵندەکانی کەناراوەکە دەفڕن .

ماسیگرەکە لەسەر بەلەمێکی بچووك،

لەنێوان ژاژەکانەوە دەردەکەوێت .

ڕێگاکە بەدار زەردەلوو شۆڕبووەتەوە .

کەپرێکی قامیش لەبێستانەکەدایە .

هەورەکە دێتە بارین و

کەمێك خاکەکە تەڕدەکات .

منداڵەکان بەڕاکردن دەچنەژوورەوە .

چۆلەکەکان لەژێر گەڵامێوەکانن

پاسکیلێك لەدەرەوەیە و

گوڵەبەیبوونەکان لەبەر باران .

ژەنیارەکە هەوا دەڕەنگێنێت و

گوندەکەش ئاوەدانە .

# كاریكاتێر

دەچمە دارستان و

سكاڵا لەمرۆڤ دەكەم !

بەمووكێش مووی چەناگەی دایكم هەڵدەكێشم .

فوو لەباوكم دەكەم،

دەیكەمە زیكزیكە .

لەمزگەوت بەڕووتی بانگدەدەم .

دەڕۆمە كڵێسا و

ڕۆبۆتێك دەخوازم .

هێلكەی هێماكان دەشكێنم

مراوی ترسۆك ڕیزە دەگرن .

کات خۆڵە و

پرژێنراوەتە چاوی نهێنی .

سواری پاسکیلی ڕاڕایی دەبم و

بەهەورازی دنیا دەڕۆمەسەر .

گزنگان کرێکارەکان دەبینم،

بەسەر پردی شکاوی واقیع ڕەتدەبن .

من و هاوڕێکانم،

لەبری شێو

نایلۆن و کاغەز دەخۆین .

مانگ بەڕوومەتی خۆڵاییەوە،

خلەخل بەناو هەورەکان تێدەپەڕێت .

دارستان هێشتا بەنجە و

درەختەکان بەڕییشەوە سەما دەکەن .

ڕوون نییە بەڵام دەزانم،

شیعر ڕێگەچارە نییە بۆ ژیان .

وشەکان لەکلێشەی ڕۆژنامەکەوە دێنەدەر،

پتر لەکاژمێری شەڕەکان ماندووترن .

سەری خۆم دەتراشم و

برژانگەکانم دەڕەنگێنم،

هەروەها کەژاوەی سیاسەت هەڵدەدەم .

تابلۆی نەخشەیەکی ڕەش و سپی

چێشتخانەی مێشوولە

کەلەوپای مرۆڤ

بۆمبی سەرزل .

ئایا ئەمەیە جیهان؟!

# کاغەزێك لەچەقۆ

مانگ لەسەر چرپاکەی ڕاکشاوەو

کرخە کرخی

ئەستێرەکانی وەڕسکردووە .

ڕۆبۆتەکان دەکارن،

ئاسمان بکەنە گەراجی ترۆمبێلە باڵدارەکان .

ئامێر

ئامێر

ئامێر

خۆر دابەزییەخوارەوەو

خۆی لەژوورێکی تاریکدا کوشت .

شمەکەکان ئارامیمان پێنابەخشن

ڕێگەچارە نەماوە

تەنیا خۆشەویستی نەبێت .

من بەسادەیی،

لەکوژانەوەی ڕۆژگارێك دەدوێم .

ئامێر

ئامێر

ئامێر.

پەیکەری تەشتێك چیمەنتۆ

ماڵنج

شمشە

باڵەخانەیەك لەناو هەور .

شەمەندەنەفەرە تیژتێپەڕەکان

بەناو کێڵگەی ئاسندا ڕادەکەن

هەواڵەکانیش لەتەقەتەق دەپەیڤن .

# کوژراوەکان

ئەو رۆژەی بوومە پیاوکوژ،

ڕێك لە مانگی حوزەیران

کرمی بێکاری لەشی خواردبووم .

پاش چەند هەفتەیەك

چوومە بەنزینخانەیەك،

هەڵدرابووە دەرەوەی زەمان .

لەناو چۆڵەوانییەکی دژە مرۆڤ،

توانیم چەقۆکەم سوور بکەم.

ڕۆژێکی ساردی باراناوی بوو

شیکپۆشێکی دەوەڵەمەندم

لەئۆفیسی دۆلارەکان بینی،

ئەو ڕۆژە بوو بوومە پیاوکوژ .

دووەم ڕێکپۆشی  دەوڵەمەند کەکوشتم،

لەحەمامی ژێر زەمینەکە،

لەخوێنی پیسی خۆیدا گەوزاندم .

لەناو ئاوێنەکەدا  نوسیم :

هەژارەکان برسین

هەژارەکان برسین .

بزەیەکی تاڵ خزایە سەرلێوم و

بەلەقە بەربوومە لاشەکەی .

خەیاڵپڵاویم لەژیان و ڕستەکانم دەرهێناوە .

من خۆراکی ئەزموون ژەمدەکەم .

دەزانم وشەکانیشم بێکەڵکن،

هەروەکو ژیانی خۆم .

دەبێ شیعر چیبێ؟

زنجیرێکی پۆڵاینە،

لەپێی گێڕانەوەدا .

وێژەکانم لەقاڵبە تەسکەکان دێنمە دەرێ .

لەسەر جادەکە پلاستەر لەدەستە بڕاوەکەم دەدەم

هاژەی تایەی تانکەرەکان دێت و

بەلامدا تێدەپەڕن .

لەدوورەوە ژنێك دەبینم لەماشێنێكی تازەدا

بەرەو ڕووم دێت

دەگاتە نزیكم و دەوەستێت

جامەكە دادەبەزێنیّ و فەرمووم لێدەكات .

منیش سەردەكەوم و سڵاوێكی بێدەنگی لێدەكەم .

لێمدەپرسیّ لەم ڕێگا دوورە چاوەڕوانی چیت؟!

بەدەنگێكی كزۆڵەوە دەبێژم :

هیچ ــ

بەزەردەخەنەی تێرێكەوە دەڵیّ :

من ناوم فیسارە و

بەشێك لەمشارە هی منە .

مرۆڤ تینووبێت خوێنیش دەخواتەوە !

هەموو تەمەنم لەتەنیشت فڕۆکەخانە بردەسەروو

بۆجارێکیش هەڵنەفڕیم .

گەنجێتیم هێندە ڕقاوی بوو،

تایەی ماشێنەکانم دەسوتاند، بۆئەوەی ئاڵای

نیشتمانەکەم ڕەشبکەم .

# چەخماخەی سوور،

# کوژراو بەچەقۆی لۆکە

تیرەکان دەهاوێژرێن

جەعبەکان سورە گوڵاڵە دەگرن .

مرۆڤە کارەباییەکان دەزێن،

بزمار لەباخچەکان دەچێنن

شێلمان دەڕوێت .

لەشکرە گەرمەکان

زرێپۆش

فڕۆکە

خومبارە

بۆ گۆڕەپانەکان دەئاژوون .

خۆڵێکی سوور دەبارێت

سەربازەکان لەناو تۆزدان

زڕەی قەوانەکان دێت .

تەرمەکان دەبنە هەڵم .

دایکەکان

جەرگیان بۆ ئاسمان ڕادەگرن .

برسێتی بەکەوڵی شێرەوە،

لەبێشەوە دەڕژێتە شارەکانەوە .

منداڵەکان هەڵدەپروون،

لەفەی چڵکن

سەمونی وشك

شۆربای گۆل

بۆ زەوی جێدەهێڵن .

# بەلەمی ڕۆژهەڵات

زەوی ئاوسی شەوە .

خۆڵی شێلراو بەباران .

هەڵمی تەخشاوی ناو تاریکی .

قوونی گوڵەئەستێران دەبریسکێتەوە .

هێندە برینم پێوەیە،

بەشی هەمووتان دەکات .

کرم و قالۆنچە شەق لەتەرم هەڵدەدەن .

هەوای سارد ڕووخساری لاکەوتووانی مۆر نەخشاند .

تاڵی ڕۆژە ناخۆشەکان لەخوێنم مەلە دەکەن .

گوللەیەکی ڕووخۆش سێبەرەکەم دەلەرێنێتەوە،
کۆترە شینکەکانی سەر منارەکە هەڵدەفڕن .
کڵاوخودەکەم دادەگرم و دەمیزمە ناو پانتۆڵەکەم،
قاچەکانم دادەگیرسێنم،
دەگریم و بەناو قامیشەڵانەکان تێدەپەرم، قامیش
دەجووم و فرمێسکەکانم ئۆرکیدە دەگرن،
چوون نزماییەکان قووتی دابێتم وندەبم .
لەترسی پێداکێشانی فڕۆکە، قولێنگان بەترۆمبێل
دەهامشۆن .
بێماڵەکان لەسەر شۆستە نوستوون .

بەڵغەمی کارگە

کۆندۆم بەچڵی دارەوە

شوشەی بیبسی فڕێدراو

کیسەی دەمبا

کۆخەی ئامێر ..

لەبەر ژاوەژاو، ئیتر بەرماڵی فڕیو دەئاژووین .

شار گووشی خستە قوتووەوە

زبڵ لەسەر لاشەی زەوی دەلەوەڕێت .

مار چووە سەری مرۆڤەوە، باروتی چاند .

فیشەك ئایندە درەو دەکات .

لەکاتژمێرەکەوە بەفر باری،

هەرشتێکی دەیکەین زیادکردنی بێمانایيەکە بەناوی

ماناوە، مانای ڕەسەن نییە،

بێ ڕەسەنی مانا هەیە. باوەڕ ژەهرێکی نەفرەتییە،

ئاگایی شێواند .

مرۆڤ هاودەردی مرۆڤ نییە،

ئەگینا ڕم و تیرەکانمان دەخستە مۆزەخانەوە .

ڕۆژهەڵات بەردەنوێژی برینە .

بۆچی مرۆڤ یەکتر دەکوژن؟

دابەزە

دابەزە

دابەزە خواری خوارەوە و

بۆشاییەکەت گسکبدە .

بەهێمنی پێ بەدڵی زەوی بنێ و بترس لەوەی

مێروولەیەك گەشمردە نەبێت،

ئەی ڕەگەزەکەم مرۆڤ .

ڕێژنەی خومپارە

بەسەرمان دەکەون و

خاکەکە چاڵدەکەن .

باوڵەکەم دەپێچمەوە و

بەناو سەدە تاریکەکان ڕادەکەم .

ملی خۆم دەشکێنمەوە ناو جانتاکەم و

گلۆبەڕۆژەی خەفەت دەقرتێنم .

کەهەشم ناچار نیم سەپێنراوبم،

چوون شیری هەڵچوو نائاسودەم .

جیهانمان زبڵدانە

گورگ برای گورگە

مرۆڤ برای مرۆڤ نییە .

هەرچۆنبێ دەبێ کەمتر گوو بکەینە ناو ژیان .

چەقۆی زۆر لەسینگم شۆردراوە .

مینی سەنگەرەکان پێما تەقینەتەوە و بەئاسمانا

هەڵیانداوم .

زۆرجار پاشماوەی بەری مرۆڤم خواردووە

مارمێلکە پیساوە بەڕوومەتما،

بەڵام هیچکات هەورم بەخەمبابا نەفرۆشتووە .

دەستم بەدەریا بگات پیرۆزی دەکەم .

کوژراوێك دێته خەوی هەموومان

تەمەنی لەنیل گەورەترە .

دووقۆچی هەیە لەپەلکەگیا

بۆ ماڵێك دەگەڕێ میچەکانی بەشێلمانی مۆسیقا

ڕایەڵکرابێ .

ماچ و

زەردەخەنە و

ملپێچەکەت

مۆمیادەکەم .

لەبیری کراسەکەتدام،

بۆنی بەهار دەدات .

ڕۆژم بەر دەسڕێژدا، هاتوچۆی ژوورەکەتی دەکرد .

ئەڤینت بڕندەیە و گۆشتم دەسمیٚ، بەڵام شوێنپێم

لەبیرەوەریت ناشت .

درووودت لێبێت ،

هێشتا دڵم پێت ئاوەدانە .

دڵتەنگم،

بەجێهێشتنی مانگ و

ئەستێرە و

ئاسمان

سەوزایی و

ڕووبار

من شەهیدم .

# تولپار

وشەکان لول دەدەم و دەیهاوێژمە دواڕۆژ .

نارێکوپێکانە ژیاوم.

بەسەرمای تیژی زستان،

تا بەیانی بەسەر کارەوە وەختبووە بمبەستێ

ماومەتەوە .

نانی ناو تەنەکەی خۆڵم خواردووە .

هەرچی خەونم هەبووە داومەتە بەرشەق .

ببورن ژینگەی من ئاوهایە .

برینم نادەمە بەر خۆر،

تەنیا ڕووی دەرەوەم دەخەنێتەوە .

خەریکم شێوەی ڕۆشنایی دادەڕمێمە ناو تاریکییەوە .

دەڕۆم و

هاوتای کیسەی چپس نیشتمانەکەم دەخەمە

زبڵدانەوە .

ناسنامەکەم بەپۆستەچییەك دەنێرمەوە .

هەرکات بیٚ برین مامەوە

خێرهاتنی فیشەکێکی گەرم بۆ ناو سەرم دەکەم .

دەموچاوم جێگە چەقۆی ژیانی پیٚوەیە .

لەنێوان ئەم دێڕانە، گلۆپی نەهامەتی ئیشدەکات .

بەخشتی نائومێدی ماناکان هەڵدەچنم.

ئەسپەکانی دێومەد

لەناو تاریکایی مێژووەوە غاردەدەن،

دەحیلێنن و خوێنی مرۆڤیان لێدەپژێت .

ئەم ساڵانە درەنگ دەڕۆن .

لەناو کات دانیشتوم و

لەخەفەتی خۆما سەرخۆشم .

پەیڤەکانت گوڵاوە، لەخۆمی دەدەم .

ئەڤینت ئازارێکی جیهانییە .

خەریکە مۆسیقای دووریت دەمکوژێت .

یەکەم گوللە تۆپ بەر سینگم کەوت،

لەو ڕۆژەوە تائێستا

دڵم تامی بارووت دەدات .

بەر لەماناکان تۆ هەبوویتە .

سەرسامم بەگشت پەیڤەکان،

کە لەنیگاتەوە دەڕژێنە زارمەوە .

ڕووخسارت مەخەرە بەرباس،

هەمیشە تاقەتی تەقەڵڕێژکردنی دڵەکانم نییە .

کێشام بەسەری خۆما، بۆئەوەی یادم بچیتەوە،

کەچی خوێنم پێدا ڕۆیشت و

زیاتر تامەزرۆتبووم .

بگریم، زەوی فرمێسك دەیبات .

پاڵمدا بەگەرمی پەنجەکانتەوە،

خۆشویستنت ئارامییە.

دەستت کۆبکەوەو فڕێیبدە بەتاڵایی سینگمەوە .

**تولپار:ناوی ئەسپێکی ئەفسانەییە.**

# كۆلارە

هەوا شێواو،

دەزووی بەڕەڵا .

وێنەی دەشت، بیابان، خاکی سەوز و شارە

ڕووخاوەکان لەیادەوەریت تۆماربکە .

لەوە نەترسا بکوژرێ، کرم دڵی گرت لەوەی سۆزی

جیهان لەدەستبدات !

گۆڕ ونکران ..

ئەوەی دەستان لەدەستان چوو .

پشیلەیەکی توکن

ئامێری قاوە

تێکەڵکەرێك

جێخەوێکی تەختە

پلیتی شەمەندەنەفەری نێوان دوو شاری بەهاری .

لەبری باڵەخانە باڵەخانە دێتەوە، ئەوەی ناگەڕێتەوە

گیانی مرۆڤە .

هەزارەها گوللە بەسینگی ڕۆژگارمانەوەیە ..

دڵگرانبوویت، هاتیتە کاتژمێرمەوە و خۆت بەمیلەکەی

هەڵواسی .

فیشەکەکەت تەقاند، نەتزانی بەر لای چەپم کەوت .

وەك پۆڕ بریندار کرام،

بوومە نێچیری ڕابردوو .

بن زمانم تاڵ دادێت، ئەو ڕۆژەی ناوت نەهێنم .

دەنگت ئاوەدانییە، کەچی لەگەڵ باڵندەکان چووە

کۆچ .

که دەستەکانتم لێکەوت، سەرما بڕیمی .

نەتهێشت بەمردنی خۆم بچم .

دێڕی دواتر نوختەیەك دادەنێم و هەناسە هەڵدەمژم .

زەوی جنێو بەمرۆڤـ دەدات .

ئاوارەکان لەمندا برسین

کامپەکان وەك بای هار بەناومدا تێدەپەڕن

هەست بەجوینەوەی مێژوو دەکەم .

سێبەری لاق شۆڕی ناو تاریکی،

هەناسەیان بۆنی چۆلەکەی برژاو دەدات و شەڕ

بەشەقامەکەی ژێر پێیان دەفرۆشن .

بەیانییەك خۆم تێکەڵی ڕەنگی گەڵا دەکەم و زوو

دەڕۆم .

ئاڵاکەم ..

بیرمچوو من ئاڵام نییە،

نیشتمانەکەم دایکوتاندم بەخاچەوە .

کۆلارەکە قژی هەوری بڕی و نەفرەتەکانی گرتاند .